# هەڵەبجـــــــــــــــــــــــــە

حەسەن سەیدباقی

لەگـەڵ داوای لێـبوردنم لەخوێـنەرانی زێـدە ئازیـز، لەکـەم و کوڕی و نەبوونی سیمای شیعری، بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەر هەڵەبجەیەو زۆر کۆن نوسیومە حەزمکرد بیخەمە بەردەم ئێوەی خوێنەری بەڕێز. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بـۆ ٧٨/١١/١٣، منـیش وەك لاوێکـی هەڵەبجـەیی بەدەرونـێکی گەرمەوە ئەو کاتە ئەمەم نوسیوە، لەکاتێکدا هیچ شـارەزاییەکم نـەبوو لەسـەر شـیعر وا بـۆ هێـندە سـاڵ بـە ڕێکـەوت کەوتـەوە بەردەسـتم و منیش بێ دەستکاری دەمەوێت بڵاوی بکەمەوە، لەگەڵ ڕێزی بێپایانمدا.

## شاری قوربانی، شاری هەڵەبجە

ڕۆژی بیست وهەشت، مانگی چوارهەمین
کاتێك گەشتمەوە، ناوشاری ڕەنگین
سەیرم کرد کەسی تێدا نەماوە
چۆڵ و وێرانە بۆ خۆی جێ ماوە
خەریك بوو بمرم گیانم دەربچێ
هیچ کەسم نەدی بەڕێدا بچێ
لەخۆمۆ ترسام لەم کارەساتە
ووتم یاڕەبی چیە چ باسە
پیاوێکی پیرم لەڕێ بەدی کرد
لەخۆشیاندا پێم لەزەوی توند کرد
چوومە پێشەوە لەپیاوە پیرە
لێم پرسی مامە چیە چ باسە
وەلامی دامۆ بەبێ چەند و چوون
ووتی وێران بوو شاری نازەنین
هەرکە ئەمەی ووت لەدەمی دەرچوو
ئەندامم لەرزی دڵم لەدەست چوو
کاتێ هاتمەوە بە هۆشی خۆمدا



©Kurdistan Net

سەیرم کرد وام لەناو بازاڕدا

سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆمم کرد

چوومەماڵەوە زوو بەدەست و برد

ووتم بەدایکم چ کارێك بووە

ئەم شارە خۆشە وا کاول بووە

وەڵامی دامۆ بەدڵێکی غەمگین

ووتی حەسەن گیان تازە دەرناچین

ڕۆژی هەینی بوو بیست وشەشی چوار

چوار سیخۆ هاتن بۆ قەسفی شار

ئەم شارە خۆشە وێران بوو ئاوا

هەزار هەژاری بێتاوان کوژرا

هەرکە ئەمەی ووت دایکی شیرینم

بەربوومە گریان خەریك بوو بمرم

نازانم چی بوو ئەم کارەساتە

هات بەسەرماندا بووین ئاوارە

فەسڵی بەهار بوو دەربەدەر کراین

هەریەك بۆلایەك ئاوارە کراین

دێهات و ناوشار پەرێشان کرا

بەفرۆکەی بەعس بۆمبارێژ کرا

هەریەك بۆلایەك بۆ جێیەك ئەچوو

لە خزم و خوێشی دەربەدەر ئەبوو

شاری هەڵەبجە جاران زۆر خۆش بوو

جێگەی هەوارگەی زۆربەی یاران بوو

جێگەی سەرە ڕێی زۆر غەریبان بوو

جێگەی ڕازو نیاز زۆری غەمبار بوو

هەڵەبجە جێگەی شێری شکار بوو

جێگەی سەیرانگەی زۆری یاران بوو

کەچی ئێستاکە وێرا بوو ئاوا

©Kurdistan Net

بو بەقوربانی خاکی کوردستان

لە دوور هەڵەبجە هەروەك گۆ زەردم

یەکجار بۆ گوڵان هەناسە سەردم

لەدوای هەڵەبجە پەشێوە حاڵم

یەکجار بۆ شەهیدان وێرانە ماڵم

هەڵەبجە کوانێ کاتی بەهارت

کوانێ هەڵپەرکێی کاتی سەیرانت

کوانێ سەیرانگەی ڕێگەی گوڵانت

کوا زەوق و خۆشی سەرجادەکانت

بۆچی بەم چەشنە ئاوارەت کردین

بەتەواوەتی لەیادت کردین

هەتاکو نەمرم نەمخەنە گوڵان

لەیادم ناچی سوێندم بەیەزدان

١٩٧٨/١١/١٣

©Kurdistan Net